
## رەمزی وەلی سەرۆکی وەرزشەوانە دێرینەکانی کوردستان



**لە دایك بووی ســاڵی ١٩٣٥ی شاری هەولێرە یەکێکە لە وەرزشەوانە دیارەکانی شــاری هەولێر ماوەیەکی زۆر خزمەتی وەرزشــی شــاری هەولێری کردوە وەکو یاریزان و راهێنەر ئێستاش لە کۆمەڵەی وەرزشەوانە دێرینەکانی کوردستانە ئێمەش ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

# پێشتر روحی نیشتمانی هەبوو ئێستا نەماوە تەنیا روحی پارەیە

***ئەگەر باسێکی وەرزشی خۆتمان بۆبکەی؟**

-من یەکێکم لە وەرزشــوانەکانی شاری هەولێر لە ســاڵی پەنجاکان لە تیپی ئەهلی لە هەولێر یاریم کردووە تا ســاڵی ١٩٥٦ بەردەوام بووم لە هەڵبــژاردەی پەروەردەش یاریم کردووە، ســاڵی ١٩٥٦یانەی بروسك دامەزرا ئەو تیپەش نوێنەری هەمــوو یاریزانەکانی هەولێر لەم یانەیە بوون تا ساڵی ١٩٦٠دواتریش خوێندنم تەواو کرد چوومە گوندەکان بۆ کاری مامۆســتایەتی، دواتریش وەرزشــم جێهێشــت بەهۆی دووری، دواتریش هاتمەوە بوومە راهێنەری تۆپی بالە لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێــر، تیپی بالە لە هەولێر ئاســتی نزم بوو، منیش حەزم دەکرد ئەم یارییە پێشبخەم تاکو یانەی هەولێرم گەیاندە پلە یەکی عێراقی ئێستاش هەر ئەو پلە یەکەی هەولێر لە زەمانی من بووە، زۆر یاریزانی باشــم پێگەیاند بۆ شــاری هەولێــر وەکو یاریزانــان (موئەیەد مەغدید و حەکیــم کانەبی و جەنگی ئیبراهیم و کاکــە جوان و تەڵعەت خدر و گەنۆ و شــوان بەربێل و شــەوقی و لە شاری کۆیە داناو زانا) زۆر یاریزانی تریش بوون.

***وەرزشی ئێستا چۆن دەبینی؟**

-وەرزشــی ئێســتا بە گوێرەی ئێمــە وانەبوو، ســەردەمی ئێمە وەرزش کــردن خۆبەخت بوو، هەمــوو یاریزان و راهێنەر بەخۆڕایی بوو، بەڵام ئێســتا هەمووی پارەیە ئێســتا پارەیەکی زۆر سەرف دەکرێت، بەڵام وەرزشی ئەوکات باشتر بوو، چونکە ئێستا هیچ وەرزش پێشنەکەوتووە ئێستا پارە زۆرە یاریزان بۆندی ١٠٠ملیۆنەو یاریزانی پێشــان قاچی دەشــکا کەس نەبوو فلســێکی بداتێ، ســاڵی حەفتاکان حوســێن شــێروانی وەرزشی وەرگرت ئەوکات پێنج یاریزانی هەولێر لە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بوون، وەکو تاریق و فــازل و کامەران و عەونی ســەید ئەحمەد و نەجات عەبدول واحید و شیرۆ خەلیل و ئێستاش پاش ئەو هەمــوو پارەیە یەك یاریزانی کورد لە هەڵبژاردەی عێراق نییە، پێشتر روحی نیشتمانی هەبوو ئێســتا نەماوە تەنیــا روحی پارەیە. کێ پارەی زیاد بدات بۆئەو یاری دەکەن.

***چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی رەوشی وەرزشی لە کوردستان؟**

-ئەو وەرزشــوانانەی کە ئێستا پشتگوێ خراون بیانهێنــن و رێزیان لێبگیرێــت و مووچەیان بۆدابین بکرێت، بۆئەوەی ئەوانەی ئێستا وەرزش دەکرێ چاویان لێ بکەن. پشــت بە یاریزانانی شــاری هەولێر ببەســترێ، لــەدەرەوە یاریزان نەهێنین، ئەوانەی پێشــتر لــە هەولێر یارییان دەکــردو پارەیەکی زۆریان برد، ئێســتا چونەتە ریزی یانەی دهۆك.

***بۆچوونت چییە لەســەر یانەکانی کوردستان کەوا یاریزانانی زۆر لە عەرەب دەهێنن بۆ ریزی یانەکانیان؟**

-ئێمــە ناڵێین یاریزانی عــەرەب، بەڵکو دەڵێین دەرەکی. ئەوە کارێکی زۆر هەڵەیە ئەوانە تەنیا بۆ پارە یــاری دەکەن، رەنگە ســبەی رۆژی بگەڕێنەوە شاری بەغدا، دەبێت یانەکان پشت بە یاریزانی شارەکانیان ببەستن.

***پێت باشــە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان دروست بکرێت لە کوردستان؟**

-کارێکی باشە ئەگەر بکرێت، بە تایبەتی ئێستا یانەی هەولێر قوتابخانەی کردۆتەوە لەسەر ئەوە قوتابخانە ئەرجەنتینیە ئەوان ئیمکانیاتیان هەبوو، داواکارم لە حکومەت کەوا پشــتیگری یانەکان بکات، نەك بۆ یانەیەك ١٢ملیۆن سەرف بکات، چونکە ئەو پارەیە زۆرکەمە بۆیانەکان، چونکە چەند یانەیەك بێ حیســاب پارەی پێدەدرێت و ئەوانی تر پێیان نادرێت.

*** خۆشترین یادەوەریت لەگەڵ شەهید فەرنسۆ هەریری؟**

-شەهید فەرنسۆ لە هەردوو یاری بالە و تۆپی پێ لەگەڵ ئێمە یاری کــردووە، یادەوەریەکمان هەیە لە ساڵی ١٩٥٨یارییەکمان هەبوو لەگەڵ عیمارە، یارییەکە لــە کاتژمێر ١٢بوو، ئەوکات شەهید فەرنسۆ گۆڵچی بوو یەك تۆپی بۆچوو ئەویش گۆڵ بوو.

***کێشەی رێزلێنانی وەرزشوانە دێرینەکان بەکوێ گەیشت؟**

-کێشەکە چارەســەر نابێت، حکومەت حەزیان لێنیــە پارەکە بدەنە وەرزشــوانان، ئێمە رێنمایی زۆرمان کردووە، ئەوانەی وەرزشــوانی دێرینن با مووچە بدەنە ئەوان، بــەڵام کاتی خۆی ئەوان دەستکاریان کردووە ٦هەزار کەس ناوی نووسراوە، بەڵام ئێســتا لە هەولێر ئێمە بە هەموو حزبەکان و لایەنەکان و نەتەوەکانی تر هەمووی دەرچووە ٢٠٤ وەرزشوانی دێرینمان هەیە، ئەوان زیاتر لە ٦هەزار کەســیان نووسیوە. لە هەموو کوردستان وەرزشوانی دێرین ناگاتە ١هەزار وەرزشوان.

***دەڵێــن ناوی نا وەرزشــی زۆر نووســراوە لە وەرزشوانە دێرینەکان؟**

-بەڵێ ژمارەیەکی زۆر نووســراوە کە بەڕاستی وەرزشوان نینە.

***لە کۆتایی چیت ماوە؟**

-بەهیوام گرنگی زۆر بە وەرزش بدرێت هەروەکو کاك مســعود ئاماژەی پێکردووە کە وەرزش لە هیچ لایەنێکی سیاسی کەمتر نییە بۆ ناساندنی میللەتی کورد بە جیهان.

## یانەی ئەفرۆدەیتی ئافرەتانی سلێمانی تۆپی پێ زیندوو دەکەنەوە

# یاریگاو پاس کێشەی سەرەکی تیپەکەیە

**یانەی وەرزشی ئەفرۆدەیت یەکێکە لە تیپەکانی کچانی شاری سلێمانی کە تایبەتە بە یارییە جۆراوجۆرەکان تەنیا گرنگی بە تیپەکانی ئافرەتان دەدەدات لە شاری سلێمانی، تیپی فوتسالی ئەفرۆدەیت لە کۆمەڵە کچێکی خوێن گەرمی شارەکە پێك هاتووە، تاکە یانەی شاری سلێمانیشە کەوا تیپێکی تایبەت بەکچانیان هەیە، لەگشت روویەکەوە یاریزانان هاوکاری یەکترن، بەڵام کێشەی ئەم تیپەی شاری سلێمانی نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە یانەکەیە لەو شارە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم راپۆرتەمان لەسەر چۆنیەتی یانەکە ئەنجامدا.**

**راپۆرتی: کارزان کانەبی**

**سەرەتا (دکتۆرە کەژاڵ کاکەحمە سەعید) سەرۆکی یانـــەی ئەفرۆدەیتی ئافرەتان وتـــی** «ئێمە تاکە یانەی ئافرەتانین لەشاری ســـلێمانی کە گرنگی بـــە هەموو یارییـــەکان دەدەیـــن، بەتایبەتی یاری تۆپی پێ، چونکە هەستمان دەکرد لە کۆمەڵگەی ئێمـــە کچان گرنگی کەمیان پێدراوە، ئێمەش تیپی کچان دروســـت بکەین، گەشە بە تواناو بەهرەکانی کچانی خۆمان بدەین. وتیشی لە هەموو ئاستەکان تیپەکانمـــان هەیە، وتیشـــی بودجەیەکی کەممان هەیـــە لە وەزارەت ئەویش بڕەکەی ســـێ ملیۆن و پێنج سەد هەزارە، بەشـــی هەوو یارییەکان ناکات، چونکە تیپمان زۆرە، وتیشی تا ئێستا هیچ کەسێك هاوکاری نەکردوین، بەهیـــوای ئەوەین هاوکاریمان بکەن، وتیشی بارەگایەکی دوو ژووریمان هەیە کە ئەویش بە شایســـتەی یانەکەی نازانین، وتیشـــی کێشـــەمان زۆرە وەکو نەبوونی هـــۆڵ و یاریگای تایبـــەت بەخۆمان و بـــارەگاو کۆمەڵێك هۆکاری تایبەت بە خۆمان، بەهیوای ئەوەین زیاتر گرنگی بە وەرزشـــی ئافرەتان و ژنان بـــدەن بە کردار، نەك بە قسە.

**راهێنەری تیپی تۆپی پێ یانەی ئەفرۆدەیت (کارزان داود) وتی** « تیپەکەمان تیپێکی باشە و ماوەی دوو مانگـــە یاریزانەکانمان کۆکردتەوە بۆئەوەی بتوانین بـــە هەموومان تیپێکی رێکوپێك دروســـت بکەین، وتیشـــی کێشـــەمان هەیە ئەگەر کێشـــە کە ما ن چارەســـەر بکرێت ئاستمان باش دەبێت، کێشەکانمان بریتیـــن لە نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە خۆمان و نەبوونی پاسێکی گواستنەوەی یاریزانان بۆئەوەی یاریزانەکانمان کۆبکەینەوە، ئاماژەشـــی بەوەدا کەوا بۆدەستنیشانکردنی یاریزانان پەنا بۆ قوتابخانەکان دەبەن، چونکە ســـەرچاوەی دروستبوونی یاریزانن، وتیشـــی بۆیە یاریزانان لە رێگەی ئەو سەرچاوەیە دروســـت دەکەین و دەیانهێنینە لای خۆمان، بەڵام داواکارم هەر چـــی زووە لایەکمان لـــێ بکرێتەوە بۆ دروســـتکردنی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان، بۆئەوەی بتوانین ململانێی تیپەکانی تر بکەین.

(ســـێوە جەلال) یاریزانی تۆپی پێـــی ئەفرۆدەیت وتی «یاری تۆپی پێ ئاســـتێکی باشی هەیە لە کوردســـتان، بەڵام بۆ کچان تازەیە. ئێمە دەمانەوێ زیندووی بکەینەوە بۆ ئـــەوەی کچان زیاتر رووی تێبکـــەن، ئێمەش بـــە هەموو لایەکمـــان گرنگی پێدەدەیـــن، بەڵام جارێك لای ئێمە شـــتێکی تازەیە کچان وەرزشـــی تۆپی پێ بکەن، بەڵام کێشـــەمان هەیە لە نەبوونـــی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان، ئەگەر ئەم یاریگایەمان هەبێت ئاســـتێکی باشمان دەبێت.

**(یێـــلان جەلال قادر) تەمەن ١٨ســـاڵ یاریزان وتی** «یاری تۆپی پێی ئافرەتان ئاستێکی باشی هەیە، لە رووی جەماوەریشەوە بێگومان جەماوەری زۆرە، بەڵام لێرە لـــە یانـــەی خۆمان گرنگی خـــۆی هەیە، تۆپی پێی یانەکەشمان گرنگی باشی پێدەدات، بەڵام نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان کێشەمان بۆدروست دەکات، لە کێشەکانمان گرفتمان بۆ دروست دەبێت، بە هیواشـــم گرنگی زۆرتر بـــەم یارییە بدرێت و یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان دروست بکرێت.

**(بەشـــدار عومـــەر) یاریزانی تۆپـــی پێی یانەی ئەفرۆدەیت وتی** «ئاســـتی ئەم یارییە تاڕاددەیەك باشـــە لەچاو خۆی، بەڵام لەو ئاســـتەش نییە کە شـــایەنی باســـکردن بێت، چونکە تیپەکەی ئێمە کۆمەڵێك کێشـــە و گرفتی هەیـــە، وەکو نەبوونی پاســـێکی تایبەت بەخۆمان، ئەویش کێشـــەیە بۆ گواســـتنەوەی یاریزانانـــەکان، ئەمەش رێگری لە مەشقەکانمان دەکات و ناهێڵێت بە بەردەوام مەشقی خۆمـــان بکەیـــن. نەبوونی یاریگایەکـــی تایبەت بەخۆمان ئەوەش کێشـــەیەکی گەورەیە، بەهیوام بە زووتریـــن کات لە میمبەری ئێـــوە لایەنی بەرپرس بتوانن چارەســـەری کێشـــەکانمان بکەن، بۆئەوەی ســـوودی زۆرتر لە وەرزش ببینین و ببینە تیپێکی رکابەر، لەگەڵ یانەکانی تـــر، چونکە یانەکەمان تاکە یانەی ئافرەتانە لە شاری سلێمانی.



کارزان کانەبی

بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
Mobile: 4480386
rebin1985@yahoo.com

# هێنری دەگەڕێتەوە خولی ئینگلیزی

تێری هێنری هێرشبەری فەرەنسی و یاریزانی پێشووی یانەی ئەرسناڵ دەگەڕێتەوە یانە کۆنەکەی کە پێشتر یاری لێ کردووە.

دوای ئەوەی یاریزان و هێرشـبەری فەرەنسی تێری هێنری یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە کە پێشتر بە بۆندێکی گران بەها ریزی یانەی تۆپچییەکانی جێهێشت، بەڵام دوای جێهیشتنی ریزی یانەکە ئێستا بەنیازە ئەمجارە سەر لەنوێ بگەڕێتەوە ریزی یانەی ئەرسناڵ، بەڵام ئەمجارە بە کارێکی تازە دەگەڕێتەوە ریزی یانە کۆنەکەی، رۆژنامەی زە سەنی بەریتانی ئەوەی ئاشکرا کردووە کەوا تێری یاریزانی یانەی ریدبۆلزی ئەمریکی دەگەڕێتەوە خولی ئینگلیزی، بەڵام لە یانەی ئەرسناڵ کارێکی تازەی پێ رادەسپێردرێ ئەویش کاری یاردەدەری راهێنەری یانەکە دەبێت. لەبارەی گەڕانەوەی بۆ یانە کۆنەکەی ئارسن فێنگەری راهێنەر ئەوەی ئاشکرا کرد کە گەڕانەوەی هێنری بۆسوود وەرگرتنە لە ئەزموونەکەی کە پێشتر لە یانەکە کاری کردووە. وتیشی دەبێت هێنری ببێتە یاریدەدەر و مەشق بە یاریزان واڵکوت بکات، بۆئەوەی شوێنی ناوبراو پڕکاتەوە کە پێشتر هێنری لەو شوێنە یاری کردووە وەکو یاریزانێکی باڵی چەپ. شایەنی باسە تێری هێنری دەرکەوتنی لە یانەی ئەرسناڵ بوو.




# مارادۆنا دەبێتە ڕاهێنەر



**ئەفسانەی تۆپی پێ جیهانی و بەرەگەز ئەرجەنتینی دیگۆ مارادۆنا، بڕیارە لەسەرەتای مانگی داهاتوو ببێتە راهێنەری یانەیەکی ئینگلیزی.**

**میدیاکانی جیهانی هەواڵی ئەوەیان بڵاو کردۆتەوە کەوا یاریزان و راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، کە لە مۆندیالی رابردوو لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ئێستا لە هەوڵی لە ئەستۆ گرتنی ئەرکی راهێنەرایەتی یەکێك لە یانە ئینگلیزییەکانە، بۆیە دیگۆ ئەوەی ئاشکرا کرد کەوا لە مانگی داهاتوودا دەچێتە وڵاتی ئینگلتەرا و هۆکاری چوونیشی بۆ ئینگلتەرا بۆئەوە گەڕاندەوە کەوا بۆندێکی بۆهاتووە لە یەکێك لە یانەکانی ئەو وڵاتە، لەبارەی ناوی یانەکەش یاریزانی ئەفسانە ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەك بدرکێنێت، بەڵام سەرچاوەکانی هەواڵ ئەوەیان ئاشکرا کرد کەوا رەنگە مارادۆنا ببێتە راهێنەری یەکێك لە یانەکانی بلاکبێرن یان فولهام، شایەنی باسە مارادۆنای تەمەن ٥٠ ساڵ نیازی گەڕانەوەی هەبوو بۆپۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە گەڕانەوەی. ئێستا بەنیازە لە ئینگلتەرا خۆی تاقی بکاتەوە.**

# ٢٠١٠ بەکورتی



زۆرێك لەچاودێرە وەرزشییەکان ساڵی ٢٠١٠ بەساڵی وەرزش ناودەبەن، ئەمەش بەهۆی زۆری ئەو چالاکییە وەرزشییانەی لەجیهاندا کراون، لێرەدا گرنگترینیان باس دەکەین:

- لەکانونی دووەم هەڵبژاردەی میسر بووە پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەفەریقا.
- هەر لەو مانگەدا لەیاری تێنس، رۆجەر فێدرێر بووە پاڵەوانی خولی ئوسترالیای کراوە بەبردنەوەی لە ئەندی مورای.
- لەمانگی شوبات ئۆلۆمپیادی زستانە لە فانکۆڤەر لەوڵاتی کەنەدا سازکرا.
- جۆن تێری بەهۆی پێوەندییە نهێنییەکەی نیشانەی کاپیتانی لێسەنرایەوە.
- لەمانگی شوبات ئەنتۆنیۆ سامارانشی سەرۆکی پێشووی لیژنەی ئۆلۆمپی کۆچی دوایی کرد.
- هەر لەمانگی شوبات یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی فرۆشرا.
- لەمانگی ئایار یانەی بایەر میونخی ئەڵمانی بووە پاڵەوانی خولی بۆندس لیگا.
- هەر لەم مانگەدا یانەی توێنتی خولی هۆڵەندی بەدەست هێنا.
- یانەی مارسیلیا خولی فەرەنسی بەدەست هێنا.
- یانەی چێڵسی ئینگلیزی بۆ یەکەمجار لەمێژوویدا خولی ئینگلیزی و جامی ئینگلیزی بەدەستهێنا.
- یانەی ئەنتەر میلان بووە پاڵەوانی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و خولی ئیتاڵیاشی بەدەست هێنا.
- یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید خولی ئەوروپای بەدەستهێنا.
- یانەی بەرشەلۆنە خولی ئیسپانی بەدەستهێنا.
- لەمانگی حوزەیران مۆندیال دەستی پێکرد.
- رافیل نادال بووە پاڵەوانی خولی رولان غاروس بۆ جاری پێنجەم.
- لەمانگی تەمموز ئیسپانیا بووە پاڵەوانی جامی جیهانی بۆ جاری یەکەم لەمێژوویدا.
- لەمانگی ئاب یانەی بایەر میونج جامی سوپەری ئیسپانی بەدەستهێنا.
- لەمانگی ئەیلوول وەك پێشبینی دەکرا هەڵبژاردەی ئەمریکا مۆندیالی باسکەی بەدەستهێنا
- لەمانگی تشرینی یەکەم بەرازیل بووە پاڵەوانی جیهان لەتۆپی بالە.
- هەر لەم مانگەدا سیباستیان فیتل بووە پاڵەوانی جیهان لەپاڵەوانێتی فۆرمیلاوەن.
- لەکانونی یەکەم بەپێی هەڵبژاردنی فیفا رووسیا میوانداری جامی جیهانی ٢٠١٨ دەکات و قەتەریش بۆیەکەم جار لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست میوانداری مۆندیالی ٢٠٢٢ دەکات.

## خەڵاتی باشترینەکانی تۆپی پێی جیهان دابەشکرا

# میسی و مۆرینهۆ نازناوەکانیان بۆخۆیان برد



له شاری زیوریخی سویسری خەڵاتی باشترینەکانی تۆپی پێ بۆساڵی ٢٠١٠ دیاری کرا، کە میسی نازناوی باشترینی یاریزانی جیهانی بەدەست هێنا.

دوای چاوڕەوانییەکی زۆری هاوادارانی تۆپی پێ لەسەرانسەری جیهان، لە ئاهەنگێکی قەشەنگ یەکێتی تۆپی پێ جیهانی و گۆڤاری فرانس فوتبۆل خەڵاتی باشترینەکانی تۆپی پێ جیهانی ئاشکرا کرد، خەڵاتی تۆپی پێی ئاڵتونی بە یاریزانی ئەرجەنتنی میسی بەخشرا بۆ دووەم جار لەسەر یەك و خەڵاتی باشترین راهێنەری جیهانیش بەخشرا بە راهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی خۆسی مۆرینهۆی پورتوگالی، خەڵاتی باشترین یاریزانی ئافرەتیش بەر یاریزانی بەرازیلی مارتا بەخشرا کە ئەمە پێنجەم جار بوو لەسەر یەك ئەم خەلاتەی بەرکەوێت، خەڵاتی باشترین راهێنەری ئافرەتیش بەخشرا بە راهێنەری ئەڵمانی سلیڤانابد، خەڵاتی جوانترین گۆڵیش بووە بەشی یاریزانی هەڵبژاردەی تورکیا و یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی حەمید ئالتونتیپ، باشترین پێکهاتەی ٢٠١٠ دیاریکرا کە بەمشێوەیەی خوارەبوو.

گوڵچی: کاسیاس

هێلی بەرگری: مایکۆن، لۆسیۆ، پیکی، پویۆل


ناوەڕاست: چاڤی، ئەنێستا، شنایدەر

هێرشبەران: مێسی، ڤیا، کریستانۆ رۆنالدۆ

# فینگەر باشترین راهێنەرە لە ١٠ساڵی رابردوو

یەکێتی تۆپی پێ جیهانی بۆ مێژوو ئامار، فینگەری فەرەنسی بە باشترین راهێنەر دەستنیشان کرد، لە ماوەی ١٠ساڵی رابردوو.

یەکێتی تۆپی پێ جیهانی ئامار و مێژووی باشترین راهێنەری لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو جیهانی بڵاوکردەوە، ئارسن فێنگەری راهێنەری یانەی ئەرسناڵ بە باشترین راهێنەر دەستنیشان کرا. ئەمەش ریزبەندی راهێنەرانە.



١-ئارسن فینگەر-ئەرسنال

٢-ڤێرگسۆن-مانچستەر یونایتد

٣-مۆرنیهۆ-ریال مەدرید

٤-فابیۆ کاپیلۆ-هەڵبژاردەی ئینگلتەرا

٥-گۆس هیندگ-راهێنەری تورکیا

٦-کارلۆ ئەنچیلۆتی-چێلسی

٧-سکۆلاری

٨-مارسیلۆبیلسا

٩-بینیتز

١٠-مارچیلۆ لیپی

# کۆرنکۆڤا خەونەکانی نەهاتەدی



کچە جوان و شۆخ و شەنگی رووسی ئەنا کۆرنیکوڤا وتی تا لە ژیان ماوم یاری تێنسی سەر زەوی لەبیر ناکەم و هەموو ساتێك بیر لە گەڕانەوە دەکەم و حەز دەکەم بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکان بکەم و هەوڵی بەدەستهێنانی نازناو بدەم. کۆرنیکوڤا زیاتر وتی من ئەو کاتەی دەستم بەو یارییە کرد تەمەنم (١٢) ساڵ بوو و دوارۆژێکی باشیشم دەبوو، بەڵام تەنیا بیرم لە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بوو و جوانی جەستەم هۆکارێك بوو کە روو لە کاری دیکە وەکو نمایشکاری جل و بەرگ و بەشداریکردن لە ریکلامەکانی کۆمپانیاکان بکەم و بازرگانی بە خۆمیش بکەم، ئەویش بە نمایشکردنی جەستەی لەشم بەبێ جل و بەرگ لە ماڵپەری تایبەتی خۆم و پێوەندی کردن بە گەنجان، جێگەی باسە ئەم کچە تا ئەمڕۆش هیچ نازناوێکی نەبردووەتەوە..

